# نیشانەیەکی پرسیاری گەورە

## لەسەر 11 نووسەر!

**سەبارەت بە کەمپینەکەی (وتووێژی مۆدێرن) بۆ کەرکوک**

حەمەغەفور
hamaxafoer@yahoo.com

یازدە نووسەر پێکەوە نامەیەکی ڕەخنەئامێزیان لە ماڵپەڕی (دەنگەکان)دا بڵاوکردۆتەوە دەربارەی ئەو کەمپینە ئینتەرنێتیەی سایتی (وتووێژی مۆدێرن) بەگەڕیخستووە بەناوی "ئینسانیبوونی شاری کەرکوک و ڕێگاچارەیەکی شارستانی". ئەم بەڕێزانە بەناوی سەرنج و پێشنیارەوە، گوایا بەوهۆیەی بڵاوکردنەوەی ئەو کەمپینە لەسەر ڕووپەڕی دەنگەکان هەڵەیەکی گەورەیەو کاریگەری خراپیشی لێکەوتۆتەوە بۆ ئیعتباری ماڵپەڕەکە خۆی، لەپاڵ جۆرێک لە ئامۆژگاری کردنیاندا بۆ ستافی ئازیزی دەنگەکان(بێگومان ڕای من وایە، دەنا هەقی تەواو بۆ ستافی دەنگەکان خۆیانە لەمبارەوەو چۆن سەیری ئەو نامەیە دەکەن)، هاتوون یەکلایەنە "دادگایەکی زیهنیان بۆ هەر دەنگ و هەڵوێستێکی جیا لە خۆیان سەبارەت بە کێشەی شاری کەرکوک داناوەو غیابیەن حوکمیشیان بەسەرداداون!". من لەگەڵ دەستخۆشانەم بۆ ستافی دەنگەکان کە نامەی ئەم بەڕێزانەی بڵاوکردۆتەوە، لە هەمانکاتیشدا بە مۆراڵێکی بەرزی بروابوونیان بە ئازادی بەیان و ڕۆژنامەگەری دەزانم. وەکو کۆمۆنیستێک کە ئیمزام داوە لەو کەمپینەو هەڵوێستیشم سەبارەت بە شاری کەرکوک دیارەو لەوبارەوە چەند وتارو نووسینم بڵاوکردۆتەوە، بە مافی خۆمی دەزانم وەڵامی خۆم بەم 11 بەڕێزە بدەمەوە.

بێگومان ئەم نووسەرە بەڕیزانە بەتەواوی ئازادن چۆن وە بە چ زمانێک بیروڕای سیاسیان دەردەبڕن. دیسان ئازادن کێ بە دژو کێ بە دۆست دادەنێن. ئازادیشن بەکام شێواز سنووری گرفت و خیلافی سیاسییان لەگەڵ ئاراستەو بۆچوونی دەرەوەی فەلەکی بیرکردنەوەی خۆیان دیاریدەکەن. سەرەنجام ئازادیشن هەر تەسویرو لێکدانەوەیەکیان هەبێت دەربارەی هەر دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی. بەڵام ئەگەر لەم کارەیاندا پشتیاننەبەست بە بەڵگەو فاکتی واقعی، خاڵی هەستانیان قەوانینی دیاردەو سەوابتی مێژوویی دراو و زانستی نەبوو، ناچار لە سەتحی سادەی مەسەلەکاندا دەگیرسێنەوە. خوێندنەوەشیان بۆ ڕووداو و مەسەلەکان ناتەواو و دوور لە ڕاستی دەمێنێتەوە. ئەوسا ناچاردەبن بگەڕێنەوە سەر گەنجینەی زیهنی خۆیان و وێنەی نادرووست و پێکەوەنراو سەبارەت بە ئەسڵی کێشەکە نمایشبکەن. بەداخەوە ئەم بەڕێزانە نەک هەر لە داڕشتنی تەسویرو وێنەکانی ناو نامەکەیاندا کەوتوونەتە ئەم هەڵوێستەوە، بەڵکو بوختان و قسەی بێبناغەو شاخداریش دەهۆننەوە سەبارەت بە ئازادیخوازان، کەسانی چەپ و کۆمۆنیست وە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیش. بۆیە پێموایە دەبێ ئاگاداربکرێنەوە لەوەی کە بە هیچ جۆرێک ئەم هەنگاوەیان خزمەتێک ناکات بە کێشەی شاری کەرکوک، بەڵکو بخوازن یان نا هەڵوێستەکەیان دەگەڕێتەوە ناو هەمان هەڵوێستی سیاسی نەتەوەپەرستانەی دوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردی سەبارەت بە شاری کەرکوک.

ئەم بەڕێزانە دەڵێن؛"دنیایەک ڕەخنەمان هەیە لە دەسەڵاتی سیاسی کوردو بە مووش خۆشخەیاڵنین بە دەسەڵاتی سەرتاپا گەندەڵی یەکێتی و پارتی. دنیایەک تێبینیشمان هەیە لەسەر گەڕانەوەی کەرکوکی

زەوتکراو بۆ سەر کوردستان. بەڵام لە ڕقی دەسەڵات ناکرێ بچینە بەرەی بەعسیەکان و قاعیدەو...". بۆچی دەبێ ئەگەر لەگەڵ ماددەی 140نەبیت سەبارەت بە کەرکوک ئیتر بکەویتە ئەو بەرەیەوە؟ ئەم وێنایە بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک کە لەم ماددەیەدا تەرحکراوە-کە من هەرگیز ناوی نانێم چارەسەر بەڵکو وەرەقەیەکی قومارە بە دەست ئەو دوو حیزبەوەو بەس- جیاوازی چییە لەگەڵ هەڵوێستی پارتی و یەکێتیدا؟ یاخود لەگەڵ سیاسەتی ڕژێمی بەعسدا فەرقی لەچیدایە؟ حیزبی بەعس تەعریبی دەکرد، ئەحزابی کوردیش تەکرید دەکەن! با ئازایانە دان بەم ڕاستییەدا بنێین. دەردی خەڵکی ئەم شارە لەوەدایە هەر حیزب و قەومێک قوتدەبێتەوە ناسنامەی قەومی خۆی دەکات بەبەریدا. چەندین خاوەنی بۆ پیدا بووە ئەم شارە کەچی لە وێرانەو پاشماوەی جەنگ دەچێ.

دۆخی دەردناکی کۆمەڵگای عێراق بەرەنجامی قوتبوونەوەی ناسنامەی قەومی و تائیفی جۆراوجۆرە. نابینی ڕۆژانە تەسفییە لەسەر ناسنامە چۆن قەسابی مرۆڤ دەکات! لە بەغدا دیواری قودس و بەرلین دووبارەدەکەنەوە! تەسفیە لەسەر ناسنامە گەیشتۆتە کەرکوک و موسڵ و خانەقین وئەوانی تر. 30کرێکاری کورد لە موسڵ ڕەمیکراون. خێزانێکی تر لە دەوری کەرکوک کوژراون. چەند کرێکاری کوردی تر لەسەر ڕێی حەویجە بە کوژراوی دۆزرانەوە. هەرگیز مەنتیق نییە ئەمە یەک تەرەفە فاشیزمی عەرەبی لێی بەرپرسیار بێت. ئەو کوردە کوژراوانە قوربانی تەحەدداکانی ناسیونالیزمی کوردین کە سەبارەت بە چارەسەری کێشەی کەرکوک دەیکەن. هێز نییە بتوانێ چارەسەری کێشەی ئیسرائیل-فەلەستین بکات، مەگەر ئەوەی کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی شەرعی و باوەڕپێکراوی نێودەوڵەتی، عەینەن وەکو دەوڵەتی ئیسرائیل لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ خەڵکی فەلەستین دابمەزرێنرێ. مومکین نییە لەناو تەنوورەی ئاگری جەنگی تائیفی و سەرهەڵدانی جەنگی قەومیشدا لە نێوان عەرەب و کورد لە کەرکوک و دەوروبەریدا چارەسەری کێشەی شاری کەرکوک بەوە بکرێت بگەڕێتەوە سەر کوردستان. کام کوردستان؟ ئاخر کورستان خۆی چارەنووسی نادیارو هەڵواسراوە! ئەم کێشەیە بەسراوە بە دۆخی عێراق و کوردستانەوە. وەزعی عێراق لەدەست دەرچووە، بەڵام جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ تیایدا لە ڕیفراندۆمێکی گشتی و ئازاددا لەم کاتەدا فەورەن وەزعی عێراق هەڵدەگێڕێتەوەو کێشەی کەرکوکیش یەکلاو چارەسەر دەکات. ئەمە هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کۆمۆنیستەکانە. ئەم تەرح و بەدیلە کوێی پەیوەستە بە بەعسەوە؟ بەڵام ئەم بەڕێزانە ناهەقیان نییە وێنەی وایان لا درووست ببێت، چونکە سەتحی ڕووداوەکان بەری چاوی گرتوون و فەزڵی ناسنامەی قەومی ئەدەن بەسەر هەویەی ئینسانیدا. وە ناسنامەی ئینسانی بۆ شاری کەرکوک نرخی نییە لایان لانیکەم بۆ چارەسەری کێشەی شارەکە. چونکە هەر هەویەیەک بکەیتە بەری شاری کەرکوک، هەڵاواردنی قەومی بە هەمان شێوەی ڕابردوو سەرهەڵدەداتەوە. ئیتر نرخی چییە کەرکوک بە ئاژاوەو جەنگی قەومییەوە بخرێتەسەر کوردستان یان نا! مەگەر دەماریگیرێکی قەومی یا عەزەمتتەڵەبێکی نەتەوەچی بە هەوایەکی وا خۆی فێنککاتەوە. کە من خۆم بڕوام وایە مادەی 140 کارتێکی یاری قومارە دوو تەرەفی ئیئتیلافی شیعەو ئیئتیلافی کوردی لە کێشمەکێشیاندا لەگەڵ یەکتر بەکاری دێنن تا وەزعەکە بەبارێکدا دەکەوێ. بۆیە ئەم بەڕێزانە بەناهەق خۆیان گەرمکردووەو پێیان وایە بۆ کەرکوک شتێکیان کردووە. ئەوەی ئەمان باسی دەکەن هەر ئەوەیە کە ئێستا بزووتنەوەی کوردایەتی خەریکە شەڕی قەومی بۆ بەرپادەکات و بەعسییەکانیش پێشتر لە کەرکوک پیادەیان دەکرد.

2007/4/24